# میسی و دۆلفین


نووسەر:
ستێفن ڕابلێی

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە:
تروسکە سادقی

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان
مەکتەبی سکرتاریەت
بەشی رۆشنبیری و راگەیاندن

ناوی کتێب: **میسی و دۆلفین**
نووسەر: **ستێفن راپلێی**
وەرگێران لە ئینگلیزییەوە: **تروسکە سادقی**
هەڵەچن: **نەسرین حەسەن**
دیزاینی بەرگ و ناوەرۆک: **حەمیدە یوسفی**
تیراژ: **١٠٠٠**
چاپ: **چاپخانەی**

**مافی لە چاپدانی بۆ یەکێتی ئافرەتانی کوردستان پارێزراوە**




**میسی کینگ** لە **باهاماس** دەژی. تەمەنی سێزدە ساڵە و حەزی لە مۆسیقای پۆپ، خوێندنەوە و مەلەوانیە. دایك و باوکی میسی پزیشکن. ئەوان لە لەنگەرگا لە نەخۆشخانەی ئاژەڵان کار دەکەن. نەخۆشخانەکە لە تەنیشت ماڵی خۆیانە کە ماڵێکی شینە لە کەناری دەریا. لەگەڵ ئەوەشدا کە ماڵەکەیان کۆنە، بەڵام زۆر جوانە . **میسی** و**باپیرە**ی ئەم ماڵەیان زۆر خۆشدەوێت. باپیرەی **میسی** لەگەڵ ئەوان دەژی.



ڕۆژی شەممە **میسی** و **باپیرەی** ئارەزوویان کرد بە بەلەمەکەیان "**وارم ویند**" بڕۆن گەشتێك بەناو دەریاکەدا لێدەن. **میسی** حەزی دەکرد لەژێر دەریادا مەلە بکا و ماسییە جوانەکان ببینێ. ڕۆژێك میسی لەژێر دەریاکەدا چاوی بە شتێك کەوت، پارچەدارێك کە لە سەری نووسرابوو **M…N…A**


**میسی** بە خۆی وت: "ئەمە دەبێ چی بێ؟ ئا ! زانیم، لە باپیرە دەپرسم."



به مه‌له کردن گه‌ڕاوه بۆلای **وارم ویند**: "باپیره! له‌وێ پارچه‌یه‌کی گه‌وره‌ی دار..."، به‌ڵام باپیره گوێی لێ نه‌بوو، چوونکه چاوی بڕیبوو به‌له‌مێکی گه‌وره و گرانبه‌های ئه‌مریکی و دۆلفینێك.


**باپیره** هاواری کرد: "ئۆوه‌ی! نا...ئه‌م به‌له‌مه زۆرتوند ده‌ڕوا."

پاپۆڕوانه‌که ئه‌م دۆلفینه نابینێ، هه‌ی !!! ڕاوه‌سته‌! به‌ڵام کار له کارترازا، به‌له‌مه‌که خۆی به دۆلفینه‌که دادا و ڕۆیشت.



**میسی** زۆر تووڕە بوو. لەگەڵ باپیرەی دۆلفینەکەیان هەڵگرت و گەڕانەوە بۆ لەنگەرگا. دایکی میسی لە باخچەکەیان بوو، پرسی: "ئەوە چیتان گرتووە؟ دۆلفین؟! " **میسی** وتی: "بەڵێ، تۆ و بابم دەتوانن چارەسەری بکەن؟"

لەو کاتەدا چاوی بەبەلەمە گەورە ئەمریکیەکە کەوت، پرسی: "ئەوە بۆ لێرەیە؟" دایکی وەڵامی داوە: "پیاوێکی ئەمریکی **کارڵ فلێنت** لەگەڵ بابت لە ژوورەوەن. دەبێ بەلەمی ئەو پیاوە بێ."



**میسی** بە پەلە چووە ژوورەوە. گوێی لەدەنگی باوکی بووکە دەیوت: "دەتەوێ دووسەد هەزار دۆلارلە بەرامبەر ئەم نەخۆشخانەیە و ئەم ماڵە بدەی بە من؟!
**کاڕڵ فلێنت** وتی: "بەڵێ، .دەمەوێ هۆتێلێکی گەورەی لێ درووست بکەم.
باوکی میسی پاش چەند ساتێك بێدەنگی وتی:"وایە، نەخۆشخانەکە زۆر بەکەڵك نایە، بەڵام....ماوەیەکی کورتم دەوێ بۆبیرکردنەوە."
**کاڕڵ فلێنت** وتی: "باشە،ماوەی چوار هەفتە مۆڵەتت هەیە."



ئەو شەوە **میسی** لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە چاوی لە دەرێ دەکرد، دۆلفینەکەی بینی کە لەناو حەوزە گەورەکەی تەنیشت نەخۆشخانەکە بوو.

:"دۆلفینەکەم پێویستی بەناوێك هەیە، زانیم، **بێن**!


پاشان چاوی بریە مانگە شەو و وتی: "**کارڵ فلێنت** ناتوانێ ئەمماڵەمان لێ بکڕێ.ئێرە ماڵی ئێمەیە!" هەستی بە دڵتەنگی کرد.چاوێکی لە دۆلفینەکە کردەوە و وتی:"شەوت خۆش **بێن**" و پەنجەرەکەی داخست.



ڕۆژی دواتر پاش گەڕانەوەی **میسی** لە قووتابخانە چوو لای **بیێن** پرسیاری لە دایکی کرد: "بیێن چۆنە؟" **خاتوو کینگ** سەیرێکی برینە سوورە گەورەکەی سەری دۆلفینەکە کرد و وتی: "هیچ ناخوا!"لە پەنای حەوزەکە دەفرێکی پڕ لەماسی دانرابوو. **میسی** ماسییەکی هەڵگرت و وتی:"ئەمانە بۆ تۆن **بیێن!**

دۆلفینەکە ماسییەکەی خوارد.

دایکی میسی زۆر دڵخۆشبوو و وتی: "زۆر باشە! **بیێن** تۆی خۆشدەوێ."



لە دوای سێ هەفتە **بێن** تەندروست و بەهێز بۆوە و لەگەڵ **میسی** بوو بە هاوڕێ. هەموو ڕۆژێك لەگەڵ یەك مەلە و یارییان دەکرد.

ئێوارەیەك **خاتوو کینگ** وتی: "ئاخر! نا.. **جان،** من ناتوانم میسی ئازار بدەم، بەڵام..."

**جان کینگ** چاوێکی لێکرد و وتی: "دەزانم!، **بێن** ئێستا تەندروستی باشە. دەبێ بگەڕێتەوە بۆ ماڵی خۆی، بۆدەریا."

**باپیرەی** میسی وتی : "باشە! لێگەڕێن بامن پێی بڵێم."



**میسی** و **باپیرەی** سەیری ئاوا بوونی خۆریان دەکرد.

چاوەکانی **میسی** غەمێکی گەورەیان پێوە دیار بوو. پرسی: "سبەی؟... بەڵام باپیرە، بێن هاوڕێی منە .من ناتوانم..."

**باپیرە** وتی: "بە داخەوە میسی، بەڵام دۆلفینەکەی تۆ ئێستا باشە. ئیتر کاتی ئەوە هاتوە بیگەڕێنینەوە بۆ دەریا."

:"هەموو شتێکم لە دەست چوو،سەرەتا ماڵەکەمان، ئێستاش **بێن**."




ڕۆژی دواتر **میسی** و **باپیرەی** بێنیان هەڵگرت بۆ ئەوەی بیگەڕێننەوە بۆ ناو دەریا. کاتژمێر دە و سی (١٠/٣٠ ) خولەك بوو کە باپیرە، **وارم ویندی** ڕاگرت. **میسی** دەستی بە سەر سەری دۆلفینەکە دادێنا کە بەلایەکی بەلەمەکەوە بەسترابۆوە و دەیوت: "خوات لەگەڵ **بێن،** تکایە هیچ کات لەبیرم نەکەی."

لە دواییدا گوریسە ئەستوورەکانی بڕی و بێن کەوتە مەلە کردن و ڕۆیشت.

باپیرە لە **میسی** پرسی: "تۆ باشی؟"

**میسی** بۆ چەند چرکەیەك بێدەنگ مایەوە.پاشان وەڵامی دایەوە: "بەڵێ، باشم."




ئامادەی گەڕانەوە بوون بۆماڵەوە. **میسی** زۆر غەمبار بوو و هیچی نەدەوت.دوو خولەك دواتر هەستایە سەر پێ و وتی: "راوەستە! باپیرە بەلەمەکە ڕاگرە!!"

دۆلفینەکەی لە نزیك خۆیان لە ناو ئاوەکەدا بینی. **بێن** بوو کە شتێکی بە دەمەوە بوو.

**باپیرە** پرسی: "ئەوە چییە بە دەمیەوەیەتی؟"

**میسی** وەڵامی داوە: "باش نایبینم.زۆر گەورە نییە، کلیلە کۆنێك نییە؟"



باپیره **وارم ویندی** ڕاگرت. بێن لەناو ئاوەکە هەڵبەزو دابەزی دەکرد. **باپیره** پرسی: "**بێن** بۆوا دەکا؟"

**میسی** وەڵامی داوە: "بەگومانم دەیەوێ بە دوایدا بچم. تکایە باپیره دەتوانم بڕۆم؟"

پیره پیاو چاوێکی لە **میسی** کردو وتی: "وەی لە ئێوەو لە یارییەکانتان. باشە، بەڵام تەنیا پێنج خولەك." **میسی** وتی: "باپیره گیان سوپاست دەکەم."


پێنج خولەك دواتر **میسی** لە تەنیشت وارم ویند سەری لە ناو ئاوەکە هێنا دەرێ.



لە ناو ئاوەکەدا پارچە دارێکی بینی کە چەند پیتێکی لە سەر نووسرابوو **M...N...A**. برێکی بیر کردەوە و بە خۆی وت: "ئا، هاتەوە بیرم"

بەڵام بێن لەوێش ڕانەدەوەستا. بەمەلەکردن چوو بۆنزیك دوو بەردی گەورە، پاشان گەیشتە سندووقێك کە وشەی "**MONTOYA**" ی لە سەر نووسرابوو.


**میسی** کلیلەکەی لە دەمی بێن وەرگرت و سندوقەکەی پێ کردەوە. سندوقەکە پڕبوولە سکەی زێڕ. هەزاران سکە.



ڕۆژی دواتر ناوی **میسی** لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوبۆوە.چیرۆکەکە باسی لەوە دەکرد: "کچێك لە لەنگەرگا سکەی زێڕی ئیسپانیایی دۆزیوەتەوە"

بەڕێز کینگ پەیوەندی بە **کارڵ فلێنت** لە نیۆیورك کرد،**کارڵ فلێنت** لە بەڕێز کینگی پرسی: "ئا...سڵاو، وەڵامت بۆمن پێیە؟"

**باوکی میسی** وتی: "بەڵێ و نەخێر، ئێمە نە ماڵەکەمان دەفرۆشین نە نەخۆشخانەکەمان.خوات لەگەڵ بەڕێز فلێنت."



دایـك و باوكی میسی به سكه‌كانی **مۆنتۆریا** نه‌خۆشخانه‌یه‌كی نوێیان دروستكرد.ئه‌وان زۆر دڵخۆش بوون، هه‌روه‌ها میسیش دڵخۆش بوو.

ئێواره‌یه‌ك له‌ ناو باخچه‌كه‌دا وتی: "ئـا.. **باپیره**، له‌مه‌ولا بۆهه‌میشه‌ لێره‌ ده‌ژین،چونكه‌...."

له‌ ناكاو **بێن** له‌ ناو ده‌ریاكه‌دا سه‌ری ده‌رهێنا.

: ...."**بێن**!!!" میسی و باپیره‌ی پێكه‌نین. خۆرئاوا بوو و ئه‌وانیش چوونه‌وه‌ ناو ماڵه‌كه‌یان.